# بۆچی بزووتنەوەی گۆڕان گرنگە؟



**ئاریان ڕەشید**

پێناسەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان وەکو پارتێکی سیاسی دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارە گرنگەی کە پارتی سیاسی چی ئەرک و مەهامێک لە کۆمەڵگەدا لە ئەستۆ دەگرێت؟ یاخود ئەگەر بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران بکەینە بنەماو دابینکردنی دادپەروەری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وەکو ئەرکێکی سەرەکی و لە پێشینەی هەر پارتێکی سیاسی لە قەڵەم بدەین، ئەوا خۆمان لەبەردەم ئەو پرسیارەدا دەبینینەوە کە بۆچی پارتە سیاسیەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە بنەڕەتیە سەرکەوتوو بن؟ لێرەشەوە گفتوگۆکردن دەربارەی سروشتی پارتی سیاسی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دامەزراون و ئەو ژینگەو کەش و هەوایەی تیایدا گەشەیان کردووەو ئەو ئەرکە گرنگ و جەوهەریانەی پێویستە ئەنجامی بدەن و جیاوازیان لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا، دەبێتە ئەرکێکی سەرەکی هەر توێژەرێکی سیاسی و لە ڕێیەوە دەکرێت دەستنیشانی ئەو خاڵە جەوهەری و بنەڕەتیانە بکرێت کە کۆی کایەتی سیاسی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات پێناسە دەکات، هەروەها لە سروشتی ئەو گیروگرفت و کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری

و فەرهەنگیانە بکۆڵرێتەوە کە جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم کۆمەڵگەیانە پێکدێنن. لێرەشەوە قسەکردن لەسەر پارتە سیاسیەکانی کوردستان و زەمینەو دۆخی سەرهەڵدان و گەشەکردنیان و ئەو ژینگەیەی کاریان تێداکردوەو ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا دامەزراون، پێویستی بە توێژینەوەی ئەکادیمی و بەکارهێنانی بنەمای زانستی و پشتبەستن بە زانستەکانی سۆسۆلۆژیاو سایکۆلۆژیاو ئەنسرۆپۆلۆژیاو... تاد، تاوەکو بتوانرێت بابەتیانە و زانستیانە تاوتوێی مەسەلەکان بکرێت و، خۆ لە سۆز و دەربڕینی سۆزداریانەو لایەندارانە بەدوربگیرێت. تەنیا بەم شێوازەش لەتوانادا دەبێت دەرئەنجامی ڕاست و دروست و بابەتی بەدەست بهێنرێت. هەر لەم دیدگایەشەوە دەکرێت لە بزووتنەوەی گۆڕان وەکو پارتێکی سیاسی نوێ - کە لە کەش و هەواو زەمینەیەکی جیاوازدا سەریهەڵداو گەشەی کرد- بکۆڵرێتەوەو بخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکی بابەتی و زانستی و بەدیدێکی ڕەخنەییەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

پێویستە ئەو پرسیارە بکەین: بۆچی پارتە سیاسیەکان لە ئەمڕۆدا ڕۆڵی جەوهەری و گرنگ لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا دەگێڕن؟ یاخود بۆچی کۆی کایەکانی ژیان لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهان بەتوندی بە پارتە سیاسیەکانەوە بەستراوەتەوە؟ دواتریش پرسیارێک زۆر جێگەی بایەخەو کلیلی کردنەوەی دەرگا نهێنیەکانی بەشێکی گەورەی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتە ئەویش بریتیە لەو پرسیارەی کە ئایا پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات هەمان ئەرکی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا ئەنجام دەدەن؟ یاخود ئایا ئامانجی پارتە سیاسیەکانی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات هەمان ئەو ئامانجانەیە کە پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا لە پێناویدا دامەزراون؟ ئایا زەمینەی سەرهەڵدان و ژینگەی گەشەکردنی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات هەمان زەمینەو ژینگەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوایە؟ وەڵامدانەوەیەکی وردو زانستیانەی ئەم پرسیارانە دەروازەیەک لەبەردەم تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی سروشتی کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەو بابەتیانەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و ئەو هەل و مەرج و زەمینەیەی تیایدا سەریانهەڵداوەو ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا دامەزران و ئەو کەش و هەوا (ئاتمۆسفێر) مێژوویەی تیایدا لە دایک بوون و ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کولتوریەی لە

هەناویدا گەشەیان کردوە، زەمینەی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستاندا لە ئارادایە لەبار دەکات و ناسینی سروشتی کێشەکان و زانینی هۆکارو فاکتەرەکان ئاسان و شیاو دەکات، ئەم زانین و ناسینەش ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوە لە دەستنیشانکردنی ئاسۆکانی چارەسەرو دۆزینەوەی ڕێگەچارەی شیاوو مومکین دەبینێت.

لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی پارتە سیاسیەکان جیگەی گرنگی پێدانی زانستی سیاسی و زانستی کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسی سیاسی و زانستگەلێکی هاوشێوەن کە سەرجەمیان گرێدراوی چاخی ڕۆشنگەرین و بەتوندی بە دنیای مۆدێرن و ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە بەستراونەتەوە کە هزری مۆدێرن هێنایەکایەوە یاخود هزری مۆدێرنیان هێنایەکایەوە، ئەم پارادۆکسەش مایەی لێکۆڵینەوەی وردە. سەرهەڵدانی بیری زانستی و پەرەسەندنی عەقڵگەرایی و زاڵبوون بەسەر بیری لاهوتی و میتافیزیکی ئەو ماوەیەی کە لە دواییدا بە سەدەکانی ناوەڕاست ناسێنرا نازناوی چاخی ڕۆشنگەریی بەو مەودا زەمەنیە بەخشی. کە دەرئەنجامی گەشەکردنی زانستەکان و بە سەنتەرکردنی عەقڵ و خستنەچوارچێوەی مێژوویی دەق و نوسراوە ئاینیەکان بوو بە واقیعی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا. بە هەمان شێوەش پێداویستی ئەو بارودۆخە نوێ یە کە لە ڕۆژئاوا سەرییهەڵدا زەمینەی لە دایکبوونی پارتی سیاسی ڕەخساندو گواستنەوە لە قۆناخی فیودالیزمەوە بۆ کاپیتالیزم و کۆچکردن لە لادێوە بۆ شارو سەرهەڵدانی پیشەسازی لە شارەکان گۆڕانکاری بەسەر دۆخی کۆمەڵایەتیدا هێناو سەرئەنجامیش دۆخی سیاسی دووچاری گۆڕانکاری هات. لێرەشەوە شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی مافی دەنگدانی کردە ناچاری و سەرهەڵدانی پەرلەمان و هەڵبژاردن لە دایکبوونی پارتی سیاسی کردە پێویستیەکی حەتمی کۆمەڵگەی نوێ. بەم پێیەش سەرهەڵدان و لە دایکبوونی پارتی سیاسی تایبەتە بە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاواو سروشتێکی ڕۆژئاواییانەی هەیە و گرێدراوی ئەو بارودۆخ و کەش و هەوا نوێیە بوو کە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا بەخۆیانەوە بینی. لێکدانەوەو توێژینەوەی پارتە سیاسیەکانیش بە هەمان شێوە لەسەردەستی ئەو زانستە نوێیانە سەرییهەڵدا کە بە توندی گرێدراوی ڕۆشنگەری و دەرئەنجامی گەشەکردنی زانستگەرایی و عەقڵانیەت بوون، لەم ڕوانگەیەشەوە هەم سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکان

گرێدراوی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا بوون و هەم لێکۆڵینەوەش لێیان پەیوەندیدار بوو بەو کۆمەڵگەیانەوە.

کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات لە ئەمڕۆدا خەون بەو ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەریەوە دەبینن کە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا لە ئارادایەو دەخوازن بە هەمان ئاستی شارستانی و خۆشگوزەرانی بگەن و هەمان شێوازی ژیانکردن پەیڕەو بکەن، هۆکاری بەدینەهاتنی ئەم خەون و خەیاڵەشیان بۆ حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی دەگێڕنەوەو پارتە سیاسیەکان بە فاکتەری سەرەکی دواکەوتوویی و شکستهێنانەکانیان لە قەڵەم دەدەن. بێگومان ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرەو هەروەک چۆن پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا بەتوندی گرێدراوی ئەو بەرنامەو پلان و دنیابینیەیە کە پارتە سیاسیەکان پیادەی دەکەن بەهەمان شێوەش نەهامەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات پەیوەندیدارە بە دنیابینی و ستراکتورو شێوازی کارکردنی پارتە سیاسیەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە.

ئەو پرسیارەی جەوهەریە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا بەهاکانی ڕۆژئاوا دروستکراوی دەستی پارتە سیاسیەکانن یاخود بە پێچەوانەوە ئەو بەهاو نۆرمانە فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکان بوون لە سەرەتاوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەو تەمومژ و ناڕوونیە ڕۆشندەکاتەوە کە سەبارەت بە تێگەیشتنی دروست لە پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات و ئامانج و ئەرکیان لە کۆمەڵگەدا و هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات لە ئارادایە. بە سەرنجدان و تێڕامان لە مێژووی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و مێژووی هزری سیاسی ڕۆژئاوایی و ئەو قۆناخە مێژووییانەی ڕۆژئاوا پیایدا تێپەڕیوەو ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و زانستی و فەلسەفیانەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان بەخۆیانەوە بینیوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا بەرهەمی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ڕۆژئاواو دەرەنجامی گەشەکردنی هزرو ئایدیاو تێڕوانینە نوێیەکان بوون کە چاخی ڕۆشنگەری هێنایە کایەوە. سەرهەڵدانی بیری لیبراڵیزم کە جەخت لە ئازادی تاک دەکاتەوە بەتایبەتی لە مەیدانی ئابوریدا لە سەرەتاوە (ئادەم سمیس و جۆن لۆک و دیڤید هیوم و... هتد) دەرفەتی بۆ کارکردن و بازرگانی ئازاد ڕەخساند و دۆزینەوە جوگرافیەکانیش شانبەشانی بازرگانی ئازاد

دەروازەی لەبەردەم سەرهەڵدانی پیشەسازی واڵا کرد. گرنگترین دەرەنجامی ئەم دۆخەش سەرهەڵدانی شاریی پیشەسازی بوو کە بوە هۆکاریی کۆچکردن لە لادێوە بۆ شارو گواستنەوە لە فیودالیزمەوە بەرەو کاپیتالیزم و سەرەنجامیش ڕوودانی گۆڕانکاری لە کولتوری گشتی کۆمەڵگەدا و جێگرتنەوەی کولتوری نەریتی و خێڵەکی- کە مۆرکی کۆمەڵگەیی کشتوکاڵی قۆناخی فیودالیزم بوو- بە کولتوری مۆدێرن کە لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون دادەمەزراو پێداویستی ژیانی نوێی نێو شارەکان هێنایە کایەوە. کاریگەریی ئەم دۆخەش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئێجگار جێی بایەخ بوو، دەسەڵاتی سیاسی کە بەشوێن ڕەواییدا (شەرعیەت) دەگەڕا لە ژێر سایەی دۆخە نوێیەکەدا چیتر لە توانایدا نەبوو پشت بە پشتگیری فیوداڵە ناوچەییەکان ببەستێ و بە ناچاری بەدوای سەرچاوەی نوێدا دەگەڕا، مافی دەنگدانی گشتی و سەرهەڵدانی سیستمە پاڕلەمانیەکان لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا –هەرچەندە سەرهەڵدانی پاڕلەمان بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕایەوە- و پەرەسەندنی تاکگەرایی (ئیندیڤیجوالیزم) زەمینەی سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکانی لەبار کرد. (حوجەتوڵا ئەیوبی) کۆمەڵناسی ناسراوی ئێرانی لە کتێبەکەیدا بە ناوی (سەرهەڵدان و بەردەوامی پارتە سیاسیەکان لە ڕۆژئاوا) زۆر بە ووردی لەو زەمینەو کەش و هەوا سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەی کۆڵیوەتەوە کە تیایدا پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا سەریانهەڵدا. بە پشتبەستن بە میتۆدێکی زانستیانەی بابەتی و بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە زانستی و ئەکادیمیانەی کۆمەڵناسە ڕۆژئاواییەکان دەربارەی پارتە سیاسیەکان بەرهەمیان هێناوە دیراسەیەکی وردی ئەو هۆکارو فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ئابوریانە دەکات کە لە پشتی سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاواوە بوون.

ئەوەی شایەنی سەرنج و مایەی گرنگی پێدانە ئەوەیە کە پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا دەرەنجامی گەشەکردنی هزری لیبرالیزم و تاکگەرایی (ئیندیڤیدوالیزم) و ڕیفۆرمی ئایینی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن و سەرەنجامیش گەشەکردن و پەرەسەندنی خەباتی پاڕلەمانی سەریانهەڵدا. واتا دیموکراسیەت بنەمای دروستکردنی پارتی سیاسی بوو لە ڕۆژئاوا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا لە نێو فەزای دیموکراسیدا سەریانهەڵداو پێداویستیەکانی قۆناخەکە لە پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییانەی بەهۆی سیستمە نوێیەکەوە هاتبونە ئاراوە

سەرهەڵدانی پارتی سیاسی کردە پێویستیەکی حەتمی. بەم پێیەش پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا لە زەمینەیەکی ئازاد و لە دۆخێکی دیموکراسیدا سەریانهەڵداو ئامانجیان ئامادەکردن و مۆبیلیزەکردنی خەڵک بوو بۆ ڕاهاتن لەگەڵ دۆخە نوێیەکە و پێداویستی گوزارشتکردن لە کۆمەڵەو دەستەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریە نوێیەکان هۆکاری بنەڕەتی سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا بوون. سەرهەڵدانی پارتی سیاسی لە کەشێکی دیموکراسیدا گرەنتی ئەوە دەکات کە پارتی سیاسی بەناچاری لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی بونیاد بنرێت و ئامانج و ئەرکێکی دیموکراسی لە برەودان بە ژیانی کۆمەڵگەو بەرەو پێشبردنی ماف و ئازادیەکان بکاتە بنەمای کارکردنی خۆی. خاڵی گرنگ و جەوهەریش لێرەدا کە پێویستە زۆر بە ئەهمیەتەوە لە میانەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەمان لە سروشتی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا ڕەچاوی بکەین ئەوەیە کە زەمینەی دیموکراسی و خەباتی پاڕلەمانی و جۆرێک لە ئازادی و دادپەروەری لە نێو ئەو کۆمەڵگەیانەی ڕۆژئاوادا لە ئارادا بوو کە تیایدا پارتی سیاسی سەریهەڵدا، واتا پارتی سیاسی لە هەناوی دیموکراسیەتەوە لە دایک بوو، بەمەش هەڵگری خەون و خەیاڵێکی دیموکراسیانە بوو، وە ئامانجی برەودان بوو بە ماف و ئازادیەکان و دەستەبەرکردنی ئازادی زیاترو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی.

دۆخەکە لە کۆمەلگەکانی ڕۆژهەڵات بە پێچەوانەوە بوو، سیستمی ئیمپراتۆریەت کە لەسەر بنەمای قۆرخکردنی ماف و ئازادیەکان دادەمەزرێت لە ئارادا بوو، کۆمەڵگە لەڕووی زانست و کولتورو فەرهەنگ و کۆمەڵایەتیەوە لە بارێکی دواکەوتوویدا مابوەوە. هیچ پارتێکی سیاسی بە درێژایی سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم زەمینەی سەرهەڵدانی نەڕەخسا، یاخود ئەگەر هەشبوبێت بواری کارکردن و گەشەکردنی زۆر بەرتەسک بوو یاخود هەر نەبوو. لەدوای هاتنی کۆڵۆنیەکانیش بۆ ڕۆژهەڵات لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە زۆرینەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و وڵاتە عەرەبیەکان بە تایبەتی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆڵۆنیە ڕۆژئاواییەکان (بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئیتالیا). دەرەنجامی ئەم دۆخەش بزووتنەوە سیاسی و شۆڕشە چەکداریەکان بۆ دەرکردنی کۆڵۆنیەکان و بەدیهێنانی ئازادی نیشتمانی سەریانهەڵداو دەرکەوتنی پارتە سیاسیەکانیش بەرهەمی ئەم کەش و هەوا سیاسیە

نوێیە بوو. لەم ڕوانگەیەوە سەرهەڵدانی پارتی سیاسی لە ڕۆژهەڵات لەنێو فەزایەکی نادیموکراسی و لە کەش و هەوایەکی ناجێگیرو دۆخێکی نائارامدا ڕوویداو ئامانجی سەربەخۆیی نیشتمانی و ئازادبوون لە هەژمونی داگیرکاری بوو. بەم پێیەش پەنابردن بۆ توندوتیژی و بەکارهێنانی هێزو زەبروزەنگ بووە خەسڵەتی سەرەکی ئەو پارتە سیاسیانەی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەریانهەڵداو لەبری کارکردن بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بەرینکردنی مەودای ماف و ئازادیە گشتیەکان پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات پرۆژەی ئازادی نیشتمانیان بەرزکردەوەو ڕەوایەتیان بەهەر چەشنە توندوتیژی و زەبروزەنگێک دەدا کە لە خزمەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیاندا بێت، لێرەشەوە خەباتی نهێنی و شۆڕشی چەکداری بووە مۆرکی سەرەکی پارتە سیاسیەکانی ڕۆهەڵات و لە دایکبوون لە کەشێکی نادیموکراسیدا وای کرد دیموکراسی لە نێوخۆی پارتە سیاسیەکان نەشیاوو نامومکین بێت.

لەم نوسینەدا ناتوانین بە تەواوەتی لە ڕیشەی سەرهەڵدان و لە دایکبوونی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بکۆڵینەوەو دیراسەیەکی وردی ئەو زەمینەو کەش و هەوایە بکەین کە تیایدا پارتی سیاسی سەریهەڵدا – هەرچەندە تویژینەوەیەکی لەو شێوەیە زۆر زەروری و پێویستە لە ئێستادا- بەڵام ئەوە بابەتی دیراسەیەکی دوورودرێژە کە کات و دەرفەتی خۆی دەوێت و دەچیتە خانەی توێژینەوەی زانستیەوە، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەگەر زۆر بە کورتیش بێت زەمینەی سەرهەڵدانی پارتی سیاسیە لەم بەشەی کوردستان کە بە باشوری کوردستان یاخود هەرێمی کوردستانی عێراق ناسراوە.

پێش ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بێنە عێراقەوە، ئەم بەشەی کوردستان لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکاندا بوو، یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحەی پێکدەهێنا کە بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەناسرا. کەشی ژێر سایەی حوکمی عوسمانیەکان بواری ئەوەی نەڕەخساند ئەو گەشەکردنە هزری و فەلسەفیەی لە کۆمەلگەکانی ڕۆژئاوا لە ماوەی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای چاخی ڕۆشنگەری هاتبوە ئاراوە ئێرەش بگرێتەوە. ڕەنگە چەندەها فاکتەر ڕۆڵیان لە نەهاتنەئارای زەمینەیەکی هاوشێوە هەبوبێت –بابەتی و خودی- کە دەکرێت شێوازی ئایینداری و جیاوازی ئایینی ئیسلام و

ئاینی مەسیحی یەکێک بێت لەو فاکتەرانە. هیچ قسەیەکیش لەبارەی هزری ئازاد (لیبراڵیزم) - بەو شێوەیەی لە ڕۆژئاوا دەرگای بۆ تاکگەرایی کردەوە- لە ئارادا نەبوو ، ڕیفۆرمێکی ئاینیش - هاوشێوەی ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕوویدا و بواری لەبەردەم ئازادیە کەسیەکان کردەوە- دەرفەتی هاتنەئارای نەدرا. بەم شێوەیەش کۆمەڵگە لە دۆخی دواکەوتوویدا مایەوەو ئەو گەشەسەندنە زانستی و فەلسەفی و هزری و فەرهەنگیەی کە خەسڵەتی سەدە نوێیەکانی ڕۆژئاوا بوو لێرە لە ئارادا نەبوو، سەرەنجامیش گواستنەوە لە قۆناخی کشتوکاڵیەوە بۆ قۆناخی پیشەسازی و سەرهەڵدانی شاری مۆدێرن و دەرکەوتنی چینی نوێی بۆرژوای بازرگان بەدینەهات. ئەگەر وا گریمانە بکەین کە سەرهەڵدانی چەمکی هاوڵاتی بوون دەرەنجامی ژیانی نوێی نێو شارە پیشەسازیەکان بوبێت لە ڕۆژئاوا، ئەوا مانەوە لە دۆخی کشتکوکاڵی و سیستمی بارهاتوی ژێر سایەی فیودالیزم لە ڕۆژهەڵات وای کرد پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای نەریتی بمێننەوەو دەرفەتی سەرهەڵدانی چەمکی هاوڵاتی بوون نەڕەخسێ، بەم جۆرەش هیچ کات دەوڵەتی مۆدێرن بە مانا ڕۆژئاواییەکەی لای خۆمان نەهاتە ئاراوەو سەرەنجامیش پێداویستی بۆ سەرهەڵدانی پارتی سیاسی بەشێوازە ڕۆژئاواییەکەی نەڕەخسا.

دوای جەنگی جیهانی یەکەم و کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش سەردەمی کۆڵۆنیاڵەکان دەستی پێکردو کوردستان کەوتە ژێر سایەی کۆڵۆنیاڵی بەریتانی. شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کوردستان کە زیاتر لە شێوەی میرنشینیکدا بوو تا حکومەتێکی دامەزراوەیی و ململانێی بەردەوامی ئەم حکومەتە لەگەڵ ئینگلیزەکان لە پێناوی سەربەخۆیی، هەست و ناخ و ویژدانی تاکی کوردی بەرەو شەڕکردن لە پێناوی ئازادیدا ئاراستەکرد کە زیاتر مۆرکێکی دەستجەمعی و خێڵەکی پێوە دیار بوو نەوەک بیرکردنەوە لە ئازادی تاک و بڕوابون بە ماف و ئازادیە کەسیەکان. هەرچەندە لە ماوەی حوکمی بەریتانیەکانداو لەژێر کاریگەری هزرو تێڕوانینە نوێیەکانی ڕۆژئاوادا کە نوخبەی نوێی خوێنەواران پێی ئاشنا دەبوون چەند کۆمەڵەو دەستەو گروپێک لە شێوەی پارتی سیاسی سەریانهەڵدا وەکو (کۆمەڵەی دارکەر) و (کۆمەڵەی برایەتی) و چەندانی تر کە پێداویستی دۆخەکە وای کرد بە نهێنی کارو چالاکی ئەنجامبدەن و زیاتر ئامانجیان بەدیهێنانی سەربەخۆیی بێت و کارو ئەرکیان لە پێناوی ئازادکردنی کوردستاندا

بێت نەک دابینکردنی ئازادی کەسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و حوکمی یاسا. هەر بۆیە ئەم گروپ و کۆمەڵانە هاوشێوەی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا نەبوون و دۆخی کارکرن و ستراکتۆری هزریان و ژینگەی سەرهەڵدان و لەدایکبونیان بە جۆرێک نەبوو بتوانن بینای کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بکەن هەروەکو ئەوەی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا ڕەخساو لەبار بوو. لە دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی و بەستنەوەی ئەم بەشەی کوردستانیش بەم دەوڵەتەوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە ئاراستەی هزری و خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستان بەرەو شۆڕشی ڕزگاری و خەباتی چەکداری لە پێناوی ئازادیدا شەقڵی گرتبوو. لە سایەی ئەم دۆخەدا – کە تیایدا کوردستان بە داگیرکراوی مایەوە- ژینگەی لە دایکبوونی پارتی سیاسی مۆدێرن بە ڤێرژنە ڕۆژئاواییەکەی لە ئارادا نەبوو. لە ژێر سایەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق چی لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی و چی دواتریش لە سەردەمی حوکمی کۆماری تا ڕاپەڕینی بەهاری 1991، دەرفەتی سەرهەڵدان و لە دایکبوونی پارتی سیاسی دیموکراسی بە مانا ڕۆژئاواییەکەی نەڕەخسا.

زۆرینەی پارتە سیاسیەکانی ئەمڕۆی کوردستان لە دایکبووی ئەو دۆخە ناسەقامگیرو نائارامەی قۆناخی داگیرکاری بوون. نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی جێگیرو تۆکمە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پشێوی و نالەباری دۆخی هزری، دواکەوتووی دۆخی فەرهەنگی ، لە ئارادابوونی عەقڵانیەتێکی کۆنەپارێزانەی دامەزراو لەسەر کولتوری نەرێتی و پەیوەندی خزمایەتی بەرمەبنای دۆخێکی فیوداڵی دواکەوتوو هۆکاری سەرەکی بوون لەوەی ئەو پارتە سیاسیانەی لە کوردستاندا سەریانهەڵدا نادیموکرات بن و خاوەنی هەمان دنیابینی و هەڵگری هەمان پرۆژەی دیموکراسی نەبن بەهەمان شێوەی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا. پارتە سیاسیەکانی کوردستان هەڵگری پرۆژەیەکی نەتەوەیی بوون و ئامانجیان سەربەخۆیی نیشتمانی و ڕزگاربوون لە حوکمی بێگانە بوو، بەم پێیەش پەنا بردنە بەر شۆڕشی چەکداری تاکە ئامراز و میکانیزمی ئەو پارتانە بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی پەنجاو شەستەکان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردو دوو نمونەی دیارو بەرچاوی پارتی سیاسی کوردی بوون لە سەدەی بیستەمدا و شێوازی کارکردنی

ئەو پارتانە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخ و هەل و مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیە بوو کە کۆی کایەکانی ژیانی لە باشوری کوردستان داگیرکردبوو. نەبوونی کەش وهەوای دیموکراسی و خواستی هەژمونخوازی نوخبەی سیاسی عەرەب و ئایدۆلۆژیای خۆسەپێن و تۆتالیتاریانەی ئەو پارتە سیاسیە عەرەبیانەی گوزارشتیان لە حکومەتی عێراقی دەکرد لەو سەردەمانەدا، هەر لە پارتی ئیستیقلال و بەرەی نیشتمانی لە قۆناخەکانی سەرەتاو حیزبی بەعسی عەرەبی لە قۆناخەکانی دواتردا و خواستی دەسەڵاتدارانی عەرەب بۆ هێشتنەوەی کوردستان وەکو پارچەیەکی دانەبڕاوی دەوڵەتی عێراقی و ڕێگەنەدان بە نەتەوەی کورد بۆ گۆزارشتکردن لە مافە نەتەوەیی و کولتوریەکان بواری ئەوە نەڕەخسا حکومەتێکی دیموکراسی بێتە کایەوەو لە سایەیدا پارتی سیاسی کوردی بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لەدایک ببێت و هەڵگری پڕۆژەو ئایدیای دیموکراسیانە بێت. هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون لەوەی پارتە سیاسیە کوردیەکان لە دەرەوەی سیستمی فەرمانڕەوایی لە دایک بن و زیاتر لە ڕوانگەی پارتە سۆسیالیستە ڕادیکالەکانەوە نزیکبن تاوەکو پارتە لیبراڵە دیموکراسیەکان بەمەش زاراوەی پارتی سیاسی و شۆڕشی چەکداری بەناچاری ئاوێتەی یەکتری بوون و لە هەناوی پارتی سیاسی کوردیدا (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمان کوردستان و ئەوان تر) دیسیپلینی توندی حیزبی و توندوتیژی  و هێز بوونە بنەماو شێوازی کارکردنی نادیموکراسیانە بووە خەسڵەتی سەرەکی و دیاری پارتە سیاسیەکان.

هەر ئەم خەسڵەت و سیما نادیموکراسیانەیەی کە پارتە سیاسیەکانی کوردستانی بەرجەستە دەکرد و کۆی کایەی ژیانی حیزبی پێکدەهێنا بووە جەوهەری کارکردنی پارتی سیاسی کوردی دوای ڕاپەڕینیش. بەم شێوەیە هەر یەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە دوو پارتی گەورەو سەرەکی دروستکردنی حکومەتی هەرێم بوون لە دوای ڕاپەڕین نەیانتوانی خۆیان لەو پاشخانە نادیموکراسی و ئەو شێوازی مامەڵەکردنە ناشەفافە و ئەو تێڕوانین و دنیابینیە تۆتالیتاریە ڕزگار بکەن کە بنەمای دامەزراندنیان بوو لەسەرەتادا. لێرەشەوە پڕۆژەی دیموکراتیزەکردنی حکومەتی هەرێم و دامەزراندنی دامودەزگای دیموکراسی و حکومەتی دامەزراویی و پرەنسیپی سەروەری یاسا لە سایەی یەکێتی و پارتی نەک هەر

بەدینەهات بەڵکو بەپیچەوانەوە باشوری کوردستان لە ژێر سایەی ئەم دوو پارتە سیاسیە بەرەو ناسەقامگیری و شەڕو ئاژاوە و شەڕی ناوخۆ هەنگاوی هەڵگرت و ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوری بووە سیمای سەرەکی کۆمەڵگەی کوردی لەم بەشەی کوردستان.

دامەزراندنی جۆرێک لە قەوارەی سەربەخۆ لە کوردستانی باشور لە دوای ڕاپەڕین بە هەموو هەڵەو کەموکوڕیەکانیەوەو فەرمانڕەوایی کردنی کورد لە لایەن خۆیەوەو دەرکەوتنی گرفت و کێشەی بونیادی گەورە لە بەڕێوەبردندا ئاراستەی کۆی کایەی هزری و سیاسی لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی و نەفەسی شۆڕشگێڕیەوە بەرەو خولیای چاکسازی و حکومەتی دامەزراویی گۆڕی. بانگەشەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەو چەسپاندنی پرنسیپەکانی ئازادی و دادپەروەری و بنبڕکردنی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ چاکسازی لە دامودەزگاکانی حکومەت شوێنی هاواری سەربەخۆیی گرتەوە کە لە قۆناخی پێشوتردا باڵا دەست بوو. لەم ساتەوەختەشدا چەندین دەستەو گروپ و کۆمەڵەو ڕێکخراوی مەدەنی و پارتی سیاسی نوێ سەریانهەڵدا کە هەڵگری پرۆژەو خەون و خەیاڵێکی جیاوازتر بوون لەوەی پارتە سیاسیەکانی قۆناخی ڕابوردوو بانگەشەیان بۆ دەکرد. لەم نیوەندەشدا بزووتنەی گۆڕان وەکو پارتێکی سیاسی نوێ سەریهەڵدا کە گوزارشتی لە پێداویستی دۆخەکە دەکردو بانگەشەی بەگژاچونەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی کردە دروشمی کارکردنی خۆیی و خۆی لەهەر نەفەسێکی شۆڕشگێڕی و بیرێکی نەتەوەیی بەدورگرت. بەمەش لە مێژووی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ یەکەمجار پارتێکی سیاسی لە دایک بوو کە هەڵگری هزرێکی نەتەوەیی نەبێت و خەباتی ڕزگاری نیشتمانی نەکاتە دروشم و سیمبولی کارکردنی خۆی، بەڵکو جەخت لەسەر ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکاتەوەو دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی گشتی وەکو ئامانجێکی ڕەسەن و لە پێشینەی خۆی چاولێبکات.

ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان وەکو پارتێکی سیاسی لە پارتە سیاسیەکانی تری کوردستان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لە هەل و مەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیاوازدا سەریهەڵدا و گەشەی کرد. فاکتەری دامەزراندن و لەدایکبوونی بزووتنەوەی گۆڕان

هەمان فاکتەری لە دایکبوون و سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکانی قۆناخی ڕابووردو نەبوو، بەهەمان شێوەش ئامانج و ئەرکەکان لە یەکتر جیاواز بوون و سەر بە دوو دنیای جیاواز و تا ڕادەیەک دژ بەیەک بوون. دەرەنجامی جیاوازیەکانیش لە ئامانج و ئەرکدا جیاوازی لە دنیابینی و ستراتیژوو خەون و خەیاڵ و پیلان لە ئارادا دەبێت، بەم پێیەش بزووتنەوەی گۆڕان هەڵگری خەون و خەیاڵێکی جیاواز بوو لەوەی پارتە سیاسیەکانی تر هەڵگری بوون لە ڕابوردودا و ئێستاش نەیانتوانیوە تەجاوزی بکەن. بە پشتبەستن بەم گریمانەو تێڕوانینەش دەتوانین جورئەتی ئەوە بکەین کە بڵێین ( زەمینەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان تا ڕادەیەکی بەرچاو لە زەمینەی سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا نزیەکە ) بەم پێیەش دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە لە بزووتنەوەی گۆڕان بکەین کە هەمان ئامانج و ستراتیژی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای هەبێت و لە بری خەریکبوون بە حەماسەتی سازدانی خەباتی چەکداری و برەودان بە گیانی شۆڕشگێڕی و نەتەوەخوازی و بانگەشەکردن بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی، پڕۆژەی دژایەتی کردنی گەندەڵی و ڕیفۆرمی ئابوری و سیاسی و بونیادنانی دەوڵەتی دامەزراوەیی (دەوڵەتی یاسا و ڕێسا) پەرەپێبداو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری بکاتە تاقانە ئامانجی ستراتیژی خۆیی و خەباتی جەماوەری و پارلەمانی بکاتە ئامرازی سەرەکی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەو شەقام و هۆڵی پارڕەمانیش بکاتە شوێنی لەباری ئەو خەباتە.

تێزی سەرەکی ئەم نووسینە پشت بەو گریمانەیە دەبەستێ کە هەل و مەرجی سەرهەڵدانی پارتی سیاسی و ژینگەی لە دایکبوون و گەشەکردنی و دۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگەکەی نەخشی سەرەکی لە ستراکتورو ڕەفتارو شێوازی کارکردنی ئەو پارتە سیاسیە دادەنێت. لە دایکبوونی پارتی سیاسی لە ژینگەیەکی دیموکراسی و لە هەناوی سیستمێکی سیاسیدا کە تیایدا جۆرێک لە ئازادی لە دەربڕینی ڕاوبۆچون لە ئارادا بێت وادەکات ئەو پارتە سیاسیە هەڵگری خەسڵەتی دیموکراسی بێت و فراوانکردنی مەودای ئازادە گشتیەکان و ڕیفۆرمی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆیی و میکانیزمەکانی خەباتیشی دیموکراسیانە بن و دور بن لە توندوتیژی و بەکارهێنانی زۆرلێکردن و

هێز. به‌ پێچه‌وانه‌ش ئه‌و پارته‌ سیاسیانه‌ی له‌ ژینگه‌ی نادیموکراسی و له‌ که‌شی داگیرکاری و ژێرده‌سته‌ییدا له‌ دایکده‌بن به‌ ناچاری له‌ده‌ره‌وه‌ی سیستمی سیاسی باوو سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن، ده‌ره‌نجامیش ده‌بنه‌ پارتگه‌لی نادیموکراسی و به‌ ناچاری له‌ پێناوی مانه‌وه‌و به‌دیهێنانی ئامانجه‌کانیان که‌ به‌ده‌ستهێنانی سه‌ربه‌خۆیی نه‌ته‌وه‌ییه‌ په‌نا بۆ میکانیزمی نادیموکراسی ده‌به‌ن و خه‌باتی چه‌کداری و به‌کارهێنانی توندوتیژی و هێز ده‌بێته‌ خه‌سڵه‌ت و سیمای سه‌ره‌کیان. له‌م پێودانگه‌شه‌وه‌ پارتی و یه‌کێتی و حیزبه‌کانی تری قۆناخی پێش ڕاپه‌ڕین له‌ ده‌ره‌وه‌ی سیستمی سیاسی له‌ دایکبوون و ئامانجیان به‌دیهێنانی سه‌ربه‌خۆیی نه‌ته‌وه‌یی بوو، بۆ ئه‌مه‌ش به‌ ناچاری پێویستیان به‌ به‌کارهێنانی ئامرازی توندوتیژی و په‌نابردنه‌ به‌ر شۆڕشی چه‌کداری هه‌بوو. به‌ڵام دوای ڕاپه‌ڕین دۆخه‌که‌ جیاواز بوو، ئه‌و فه‌زا تاڕاده‌یه‌ک ئازاده‌ی له‌ هه‌رێمی کوردستاندا له‌ ئارادا بوو بواری بۆ سه‌رهه‌ڵدانی جۆرێک له‌ پارتی سیاسی ڕه‌خساند که‌ هه‌ڵگری خه‌سڵه‌تی دیموکراسی بێت و خه‌ونی دیموکراسیانه‌ ببینێت و ته‌رکیزی له‌سه‌ر باشکردنی ژیانی خه‌ڵک و گوزارشتکردن له‌ چین و توێژه‌ په‌راوێزخراوه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌و به‌دیهێنانی دادپه‌روه‌ری و به‌رینکردنی مه‌ودای ئازادیه‌ گشتیه‌کان بێت، بزووتنه‌وه‌ی گۆڕانیش نمونه‌یه‌کی به‌رچاوی ئه‌م جۆره‌ له‌ پارتی سیاسیه‌.

بێگومان ئه‌مه‌ به‌و مانایه‌ نایه‌ت که‌ بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان بێخه‌وش و که‌موکوڕی بێت، به‌ڵکو مه‌به‌سته‌که‌ ئه‌و دۆخه‌ بابه‌تیه‌یه‌ که‌ تیایدا گۆڕان له‌ دایک بوو که‌ وا ده‌کات گۆڕان له‌ حیزبه‌کانی تر له‌ ڕووی بونیاد و ئامانج و دنیابینی و تێڕوانین و شێوازی کارکردنه‌وه‌ جیاواز بێت و کاریگه‌ر بێت له‌ به‌دیهاێنانی ئه‌و دنیا دیموکراسیه‌ی له‌ ڕۆژئاوا له‌ ئارادایه‌و کۆمه‌ڵگه‌ی خۆمان خه‌ونی پێوه‌ ده‌بینێت. ئه‌گینا ده‌توانین په‌نجه‌ بۆ هه‌ڵه‌ی گه‌وره‌ گه‌وره‌ ڕابکێشین که‌ بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان له‌سه‌ره‌تای دامه‌زراندنیه‌وه‌ تێی که‌وتوه‌و ئاماژه‌ به‌ که‌موکوڕی به‌رچاوو گیروگرفتی جه‌وهه‌ری و بونیادی قه‌باره‌ گه‌وره‌و قه‌باره‌ بچوک بکه‌ین که‌ ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ دووچاری بوه‌و دووچاری ده‌بێت. به‌ڵام گرنگی گۆڕان له‌وه‌دایه‌ که‌ به‌هه‌مان ڤێرژنی حیزبه‌ ته‌قلیدیه‌کان کار ناکات و به‌هه‌مان ئاراسته‌ی ئه‌و حیزبانه‌ سیاسه‌ت ناکات، هه‌ر بۆیه‌ش ده‌کرێت گه‌شه‌ به‌ دنیابینی و ستراتیژی کارکردنی خۆی بدات و بتوانێت له‌ ماوه‌ی داهاتودا

بەسەر گرفت و کەموکوڕیەکاندا زاڵببێت و شێوازێکی نوێ لە سیاسەت کردن لە کوردستاندا بخوڵقێنێت کە جیاواز بێت لەو سیاسەتە تەقلیدیەی ئێستا لە ئارادایەو لەم پێناوەشدا ڕەخنەی بەردەوام لە بزووتنەوەکە چ لە لایەن خودی کادرانی بزووتنەوەی گۆڕان یاخود ڕۆشنبیران و بیرمەندان ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت.

بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتا کلیک بەرە سەر

www.wtarikurd.info